Helsinki
Helsingfors

چالاکیی کۆمەڵایەتی و تەندروستی
Social- och hälsovårdssektorn
Social Services and Health Care
18.3.2020

# ئایا گومانت لە خۆت هەیە کە تووشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بووبێتی؟ بەم جۆرە بکە:

**ئەگەر پێت دەکرێت، سەردانیی omaolo.fi بکە لە ئینتەرنێت و وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بە ئەگەری ڤایرۆسی کۆڕۆنا بدەوە.**

لەسەر بنەمای ئەو نیشانانەی خۆت، ڕێنمایی کردەوەیی دەکرێیت.

## ئەگەر نیشانەکان سووکن - لە ماڵەوە بمێنەوە

زۆرینەی ئەو کەسانەی بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا نەخۆش دەکەون، بەبێ ئەوەی پێویستییان بە چارەسەری پزیشك هەبێت، بە هەفتەیەك پشوودان لە ماڵەوە، چاك دەبنەوە. لە کاتی پێویستدا، دەتواندرێت بە بەکارهێنانی دەرمانی ئێش و ئازار، نیشانەکان کەم بکرێنەوە.

## ئەگەر نیشانەکان پێویستییان بە چارەسەرکردن هەبێت

ئەگەر چارەسەرکردن لە ماڵەوە بەس نییە بۆت، تەلەفۆن بۆ ژمارەی ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆڕۆنە بکە 0931010024 (ڕۆژانی کار کاتژمێر 7-20). لە کاتەکانی تردا، تەلەفۆن بۆ ژمارەی یارمەتیی ئێشکگری بکە 116117.

ئەو نیشانانەی هەوکردنی بۆڕیی هەناسەدان کە پێویستییان بە چارەسەر و هەڵسەنگاندنی پزیشك هەیە، بریتین لە ناجێگیریی بارودۆخی گشتی و درێژبوونەوەی ئاشکرای ماوەی هەبوونی تا، بۆ ماوەیەکی زۆر و هەروەها هەناسەتەنگی.

لە ڕەوشی مەترسیداردا تەلەفۆن بۆ ژمارە 112 بکە.

## نەخۆشەکانی کۆڕۆنا لە لاکسۆ و ماڵمی چارەسەر دەکرێن - لەپێشدا تەلەفۆن بکە

هەموو ئەو نەخۆشانەی خەڵکی هێلسینکین و نیشانەکانی بۆڕیی هەناسەدانیان لێ دەردەکەوێت و پێویستییان بە هەڵسەنگاندنی پزیشك هەیە، ڕێنمایی دەکرێن بۆ بنکەکانی تەندروستیی کۆڕۆنە. لە بنکە تەندروستییەکانی تردا، ئەو نەخۆشانە چارەسەر ناکرێن کە نیشانەکانی هەوکردنەوەی بۆڕیی هەناسەدانیان هەیە.

هەموو کاتێك، لە پێشدا تەلەفۆن بۆ ڕاوێژگەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا یان یارمەتیی ئێشکگری بکە، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ڕێنمایی دەکرێیت، کە چی بکەیت.

نۆرەی خزمەتگوزارییەکان لە بنکە تەندروستییەکانی کۆڕۆنا، بەپێی ڕیزبەندیی پەلەیی دەبێت. لەو بنکانەدا کاتگرتن نییە.

## بۆ هەموو کەسێك تاقیکردنەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا ناکرێت

تاقیکردنەوەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، تەنها بۆ گرووپە مەترسیدارەکان دەکرێن. تاقیکردنەوەکان لە ناوچەی چارەسەری نەخۆشی لە هێلسینکی و ئوسیما HUS دەکرێن. پزیشکەکانی هەوکردنەوە لە HUS، بریار لەسەر کردنی تاقیکردنەوە دەدەن.

**Malmin koronaterveysasema**

**بنکەی تەندروستیی ماڵمی بۆ نەخۆشیی کۆڕۆنە**

Talvelantie 4

ڕۆژانی کار، کاتژمێر 8 - 18

**Laakson koronaterveysasema**

**بنکەی تەندروستیی لاکسۆ بۆ نەخۆشیی کۆڕۆنە**

Lääkärinkatu 8R

ڕۆژانی کار، کاتژمێر 8 - 18

Toinen linja 4 A | PL 6000, 00099 HELSINGIN KAUPUNKI | تەلەفۆن 093105015 | www.hel.fi/sote
Andra linjen 4 A | PB 6000, 00099 HELSINGFORS STAD | تەلەفۆن 093105015 | www.hel.fi/sote/sv
Toinen linja 4A | P.O. Box 6000. 00099 CITY OF HELSINKI | تەلەفۆن 093105015 | www.hel.fi/sote/en